www.kurdistannet.org
30-5-2006 0:41بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## چۆن کۆمەڵگای کوردی بەرەو کۆمەڵگای مەدەنی ئەچیت؟!. ... (بەشی هەشتەم) ... جەمال فەتاح

لەم بەشەی باسەکەماندا ئەچینە سەر باسی بازرگانی ئازاد وفراوانی کاڵاو نرخی بازاڕەکان لەکۆمەڵگای مەدەنیدا. دیارە یەکێکێتر لە پایە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ئازادی بازرگانییە بەهەموو بەشەکانییەوە، بەبێ بازرگانی ئازاد کۆمەڵگای مەدەنی بوونی نییە، بۆیە بازاڕی ئازاد بەیەکێ لەپایەگرنگەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ئەژمێردرێت، لەوڵاتانی پێشکەوتوودا وەزارەتەکانی دارایی و بازرگانی هاوکاری تەواوی هاووڵاتیان ئەکەن بۆدەست گەیشتنیان بەبەشەکانی بازرگانی بەجۆرێکی ئازاد وسەردەمانە، لەڕێگای بانکەکانەوە قەرزی درێژخایان ئەدرێت بەو بازرگانانەی کە پێویستیان بەپارە ئەبێت، بۆکردنی پرۆژەی بازرگانی ومامەڵەی جیاجیا، بەجۆرێک بەپێی قورس وسوکی بازرگانییەکەیان پارەیان بۆتەرخان ئەکرێت بۆ ئاستی پێویست.

لەوڵاتانی پاشکەوتوودا بازاڕەکان کلاسیک وهەڵوەشاوە بۆیە لەڕوورکانی نرخ وپاکوخاوێنی وهەمیشەیی بوون وفراوان بوونی کاڵاو بەرژەوەندی هاووڵاتیان وهتدد.. هیچ بایەخێک بەبازرگانی نادرێت، ئەمە لەوڵاتانی پێشکەوتوودا بەپێچەوانەی ئەو بازارە دوا کەوتوانەیەکە دوکانداری‌کی چەموش بەئارەزوی خۆی یاری بەنرخەکانی بازاڕ ئەکات وڕووی پاک وخاوێنی وهیچ بەرژەوەندییەکی هاووڵاتیان ڕچاوناکرێت، وەهیچ یاسایەکیش نییە سەرپێچیکەر سزا بدات، بەپێچەوانەوە لەوڵاتانی پێشکەوتوودا نرخی شتومەکان لەسەرانسەری وڵاتدا یەکە وهەموو کاڵایەک نرخی خۆی لەسەرەو ونرخەکەش ژمارەی کۆمپیوتەری لەسەرەو بەئامێری تایبەت ئەژمێردرێت، کە ئەو ئامێرە کۆمپیوتەرییە لەگشت مارکێت ودووکانەکاندا هەیەو هەر دوکان ومارکێتێکیش کۆدی تایبەت وئامێری تایبەت بەخۆی هەیە، کاتێک لەبازاڕەکەدا یان لەمارکێتدا شتومەکی خۆت ئەکڕیت پاشان دێیتە پێشدەمی کارمەندێکی مارکێتەکەو یەک یەک شتومەکەکانت ئەداتە بەر ئامێری ژمێریاری وئامێرەکە یەک بەیەک ژمارەی کۆمپیوتەری کاڵاکان وێنە ئەگرێت وپاشان لەسەر شاشەیەک نرخی هەر کاڵایەک دیاری ئەکات، لەگەڵ وێنەگرتنی هەر کاڵایەک کاڵاکەش ئەشواتەوە واتا تۆماری ئەکات کە ئەو کاڵایە لەمارکێت دەر چووە، بەبێ ئەوەی کارمەندی مارکێتەکە بتوانێت هیچ زیادە ڕەوییەک لەنرخەکاندا بکات، پاشان کەپارەی خۆتت داو هاتیتە دەرەوە لەدەرگای دەر چووندا لەمبەرو لەو بەری دەرگادا دوو ڕۆبێرت دانراون ئەگەر کاڵایەک نرخەکەی نەژمێردرابێت یان لەئامێر نەدرابێت ڕۆبێرتەکان جەڕەس لێئەدەن وئاشکرای ئەکەن کە ئەو کاڵایە نرخەکەی نەژمێردراوە؟!، بۆیە نەکەس ئەتوانێت کاڵایەک بدزێت ونە کارمەندێکیش ئەتوانێت نرخی زیادە لەکەس وەر بگرێت، ئەمە لەڕووی نرخەوە؟!.

لەڕووی پاک وخاوێنییەوە هەمووجۆرەکانی خواردەمەنی بەرواری ماوەی تەواوبوونی لەسەرەو کەسێک کە کاڵایەک ئەکڕێت پێش هەمووشت سەیری بەرواری تەواببوونی ماوەکەی ئەکات، لەکاتێکدا کە مارکێتەگشتییەکان لیژنەی پزیشکی تایبەتی خۆیان هەیەو بەبەردەوامی بەسەر کاڵاو خواردنەکاندا ئەگەڕێن ووئەو کاڵایەی کە ماوەی تەواو بوو 24 کاتژمێر پێش تەواو بوونی لەمارکێتە کە ئەبرێتە دەرەوە بۆ فرێدان، بۆیە هەموخواردنەکان هەردەم خواردنی نوێن وەسەرەڕای ئەوەش فرۆشتنی خواردەمەنی کۆن تووندترین سزای هەیە لەلایەن یاساوە ئەگەر هاووڵاتییەک بەبەڵگەوە شکات بکات کە مارکێتێک شتومەکی کۆنی فرۆشتووە خاوەن مارکێت تووندترین سزاو باجی کەمەر شکێن ئەدرێت، بۆیە کەس ئامادەنییە خۆی بخاتە بەردەمی ئەو سزا یاساییە.

لەکاتێکدا لەوڵاتانی پاشکەوتوودا بەکوردستانی ئێمەشەوە میوەو سەوزە هەندێکیان لەساڵێکدا هەر چەند ڕۆژێک هەیە ئیتر تاکو ساڵێکیتر ئەو ڕۆژانە نابینرێن بەڵام بەپێچەوانەوە لەوڵاتانی پێشکەوتوودا کاڵاکان وخواردەمەنییەکان ومیوە بەگشتی چوار فەسڵەیە واتە ڕۆژومانگ وساڵی بۆنییە

هەمورۆژەکانی هەفتەو هەمووهەفتەکانی مانگ وهەموومانگەکانی ساڵ هەموومیوەو خواردنێکی تر بەبەردەوامی هەیەو هیچ میوەو خواردنێك تاکە کاتژمێرێک لەبازاڕەکاندا نابڕێت، ئەمەش نیشانەی ئازادی بازرگانییە بەشێوەیەکی سەردەمانە وپێشتر پلان بۆدارێژراو، جگەلەوە لەبەر فراوان بوونی بازرگانی و زۆربوونی بازرگانەکان دەستی بازرگانی بۆ گشت کاڵایەک و گشت خواردەمەنییەک لە گشت گۆشەیەکی جیهاندا درێژ ئەکرێت لەبەر ئەوە کاڵاکان زۆرو بەردەوامن، وەلەبەر بوونی عەماری هەڵگرتنی میوەو سەوزە کە بەشێوەیەکی تایبەتی خواردنەکان ئەهێڵێتەوە و ئەپارێزێت کە ئامێری تایبەتی ساردکرن وبەفرگری تێدا یە بۆماوەی دوورودرێژ میوەو خواردنەکان ئەپارێزێت، هەر بۆیە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا خواردن ومیوەکان چوار فەسڵە یەوتاکە ڕۆژێک لەبازاڕەکاندا کۆتاییان نایەت.

لەڕووەکانی کاڵاکانی پۆشاک وکەرەسەی ماشینی وگشت پێویستییەکانی ژیان لەوڵاتە پێشکەوتووەکان خۆیاندا کارگەیان بۆدانراوەو بەبەردەوامی وبەئاسانی بەدەستی هاووڵاتیان ئەکەون بەبێ هیچ بۆگەڕان سەر ئێشەیەک یان ئەگەر لە وڵاتە کە خۆشیدا دروست نەکرێت بەهەمان شێوە بەشێوەیەکی فراون لەوڵاتانی ترەوە ئەهێنرێت ولەبازاڕەکاندا فراوانە بەهۆی زۆربوونی بازرگانی ئازادەوە، هەروەک چۆن کاڵاکان بەش بەشو جۆراو جۆرن بۆهەر جۆرە کاڵایەک یان کۆمەڵە کاڵایەک مارکێتی تایبەتی بەخۆیان هەیە ولەهەمووشارێکدا مارکێتەکان هەن ولەهەر شارێکدا یەکێک یان زیاتر بۆ هەر جۆرەکاڵایەک هەیە، هەمووپێویستییەکانی ژیان بەشێوەیەکی فراوان لەبەر دەستی هاووڵاتیاندایەو لەدەرزییەکی درومانەوە بیگرە تائەگات بە ئۆتۆمبێل وفڕۆکەو کاڵای دروست کردنی کۆشک وتەلار هەموی بەشێوەی فراوان لەبازاڕەکانی بازرگانیدا بەشێوەی ئاسان بەدەست هەر هاووڵاتییەک ئەکەون.

لەوڵاتانی پێشکەوتوو دا پیشەسازی وبازرگانی بەجۆرێک پێشکەوتووەو تەشەنەی کردووە کە هەمووسنوورەکانی ژیانی بەزاندووە، هەموپێویستییەکانی ژیان بۆهەموو تاکێکی کۆمەڵگا بەبێ جیاوازی فەراهەمەو لەهەر گۆشەیەکی ژیانەوە پێویستت بەهەر کەرەسەیەک هەبێت بەزووترین کات ولەنزیکترین شوێن بۆت فەراهەمەو ئەتوانێت بە ئاسان ترین شێوە بەدەستی بێنیت بەبێ ئەوەی هەست بە هیچ ئەرکێکی قورس بکەیت، بۆیە هیوادارم حکومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستان لەوئاستەدابێت کە هەمووپێداویستییەکانی هاووڵاتیان لەڕووی بازرگانییەوە بەدەست بێنێت وبازرگانی ئازاد بەشێوەیەکی سەردەمانە پەیڕەوبکات وبەپێی پلانی پێشتر نەخشەبۆکێشراو کارەبازرگانییەکان ئەنجام بدات، وە هیوادارم بازرگانەکانی کوردستانیش دوور لە ئاکاری چاوچنۆکانەی بازرگانی بن لەپێناوی بەرژەوەندی باڵای هاوڵاتیاندا کاربکەن هەردەم لەکارە بازرگانییەکانیاندا ڕچاوی بازرگانی سەردەم بکەن، تاکو هەرچی زیاتر کۆمەڵگای کوردیش بێتە ڕیزی کۆمەڵگای گەلان وبازرگانی کوردستانیش بەجۆرێک گەشەبکات کەلەخزمەتی 100% هاووڵاتیاندابێت نەک بەپێچەوانەوە، لەلای هەموان ڕوونە لەدوای ئۆپەراسیۆنی ئازادی ئێراقەوە هەرێمی کوردستان لە دوو ڕووە بووەتە جێگای بایەخی بازرگانی جیهانی، بۆیە لەو ڕووەوە لەهەمووئێراق زیاتر برەوی پێدراوە، یەکەم لەڕووی پاراستنی ئاسایشی هاووڵاتیان کە لەکوردستان بەرقەرارە، دووەم نەتەوەی کورد بەگشتی گەلێکی خێرخوازەو ئارەزووی لە هاوکاری کردنی خەڵکە بەگشتی، واتە خەڵکی کوردستان خەڵکێکی خاوەن ڕۆشنبیری وخاوەن هەستێکی خاوێن وسەردەمانەیە وبەرانبەر بەمرۆڤایەتی بەگشتی نیازی هەڵەو خراپەی نەبووە وئایندەش ڕای خراپی لێرچاو ناکرێت، ئەمەش توانیویەتی ڕوویەکی باشی کورد لەلای بێگانەکان پیشانبدات تاکو باوەڕ بەکورد بکەن ولەوڵاتی کوردستاندا سەرمایەی خۆیان بخەنەگەڕو بەکاربێنن لە روی بازرگانییەوە، بۆیە ئەگەر ئەقڵی ورد ووشیاری باش لەگەل ئەو بارودۆخەدا نەبێت لەوانەیە بەخراب لەسەر کورد بشکێتەوە چونکە کورد هێشتا لەسەرەتادایە لەڕووی بازرگانییەوە، بۆیە پێویستی بەپلانی پێش وەخت وهۆشمەندی تەواو هەیە هەم لەلەلایەن دەسەڵاتدارانی هەرێم وهەم لەلای بازرگانەکانی کوردستانەوە.. 2006/5/29 لەندەن